# بایۆگرافی ژیان و
# بەرهەمی ئیبراهیم یونسی



ئا: کارزان محەمەد

خوالێخۆشبوو (ئیبراهیم یونسی) نووسەر و وەرگێڕ و مێژوونووسی کوردستان، لە ساڵی (١٩٢٦ز) لە شارۆچکەی بانەی کوردستانی ڕۆژهەڵات هاتۆتە دونیاوە.

یونسی، هەروەك لە یاداشتەکانیدا دەڵێ: لە ساڵی ١٩٢٦ز لە شارۆچکەی بانەی سەرسنور لەدایك بووم، بەڵام ئەم مێژووە لە ناواخندا ڕاست نییە، چونکە دەرهێنانی ناسنامە بۆ هاوڵاتیان وەك هەر شتێکی دیکە درەنگ گەیشتە کوردستان. ساڵی ١٩٣١ز یاخود ١٩٣٢ز ناسنامەیان بۆ دەرهێنام. لەیادمە لەسەر تەمەنەکەم، بابم و داپیرەم ناکۆك بوون. داپیرەم دەیگوت تەمەنی زیاد بنووسە و باوکیشم گوتی ڕاستی و دروستییەکەی دەنووسین. داپیرەم لە سەربازیی زۆرەملێ دەترسا و دەیویست تا لە توانایدابێ چوونم بۆ سەربازیی دوابخات، هەربۆیە هەوڵی دەدا من بە بچووکتر لە قەڵەم بدەن. بەپێی ئەو بەسەرهاتانەی لەبیرمە، پێموایە دوو تا سێ ساڵ لەو تەمەنە مەزنترم کە لە ناسنامەکەمدا هاتووە.

یونسی دەڵێ: تەمەنم دوو ساڵ بوو دایکم کۆچی دوایی کرد. داپیرەم لەگەڵ باپیرەمدا منیان مەزن کرد. ئەم خێزانە مرۆڤگەلێکی زۆر ئارامگر و زەحمەتکێش و نەدار بوون.

باپیرەم لە هەموو پیشەیەکدا ئەزموونەدیدە و تەڕدەست بوو: لە دارتاشی، ڕەنجبەری، دروومانی.... وێڕای ئەوەش پیاوێکی زۆر قسەخۆش و بەدڵ و خاوەن مەجلیس بوو. دایکیشم کیژە جوتیارێك بوو، باوکیشی لە خان بوو، نەوەی سلێمان خانی یونس خانی حاکمی بانە بوو. ماڵەکەی واتا ماڵە بابی، زۆر قەرەباڵغ بوو. پێنج خوشك و سێ ژنی هەبوو، سێ برا و برازایەك و کۆمەڵێك خزمەتکاری لە ماڵێدا بوو. هەریەکەیان بۆ خۆی حکومەتێ بوو، هەر کامیان بۆچوونێکی تایبەتی بۆ خۆی و ئەو خێزانە مەزنە هەبوو. خێزانی ماڵە بابم سەرجەمیان بەرەو پشت ئەتڵەس بوون ، جگە لە من و دوو ئامۆزام (من لەیەك ڕووەوە ئەتڵەس بووم). من تا تەمەنی (١٥) ساڵی جگە لە ماڵی باوکم، بۆ هیچ شوێنی دیکە نەڕۆیشتووم، هەر ساتێ بچوومایەتە دەرەوە سەرزەنشتیان دەکردم و داپیرەم ڕێگای نەدەدام.

یونسی لە ساڵی (١٩٣٨ز) قوتابخانەی سەرەتایی تەواو کرد و بڕوانامەی شەشی سەرەتایی بەدەستهێنا. هەروەك خۆی دەڵێت: بانە قوتابخانەی ناوەندی لێ نەبوو، هەربۆیە بابم منی بۆ سەقز هەنارد. شاری سەقزیش ٦٠ کیلۆمەتر لە بانەوە دوور بوو.

سێ ساڵی قۆناغی ناوەندی لە سەقز خوێند، بە گوتەی یونسی: لە ساڵی (١٩٤١ز) کاتێ ئێران لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانانەوە داگیر کرا، ناوچەکە شڵەژا و عەشایر دەسەڵاتیان گرتە دەست. ئیدی قوتابخانە نەما و تا ساڵی ١٩٤٣ز بێکار بووم. لەم ساڵەدا سوپا بە پەخشنامەیەك داوای لە خێزانی عەشایرەکان کرد ئەگەر منداڵەکانیان



مەرجی پێویستیان تێدایە، ئەوا بۆ قوتابخانەی سەربازی (قوتابخانەی نیزامی و کۆلێژی ئەفسەری) بنێرن. من مەرجەکانم تێدابوو، هەربۆیەشە لە ساڵی (١٩٤٣ز) هاتمە

تاران و لەو قوتابخانەیەدا خۆم نێونووس کرد. برایمی لاو لە ساڵی (١٩٤٥ز) دیبلۆمی وەرگرت و بۆ کۆلێژی ئەفسەری نێردرا. لە ساڵی (١٩٤٨ز) بە پلەی ئەفسەر کۆلێژەکەی تەواو کرد و لە لەشکری چواری ورمێ دامەزرا.

یونسی لە دوادوای ساڵی (١٩٤٩ز)، لەگەڵ خاتوو ڕۆزا گوڵپاشی ژیانی هاوسەرێتی پێکهێنا، بەرهەمی ئەم هاوسەرێتییەش سێ کیژ و کوڕێك بوو.

یونسی یەکێك بوو لە ئەندامانی ئەو گروپەی لە ساڵی (١٩٦٤ز) دوای حکومەتەکەی د. موسەدەق وەك ئەفسەرێکی سەربازیی دەستگیر کرا، ماوەی (٨) هەشت ساڵ تەمەنی لە زیندانی ڕژێمی پەهلەوی بەسەربرد. لە ئەندامانی گروپەکەشی، هەریەك لە سەرهەنگ موبەشەری و سەرهەنگ سیامەك لەسێدارەدران، بەڵام یونسی لەبەرئەوەی قاچێکی لە خزمەتی سەربازیدا کەمئەندام ببوو، سزاکەی کەم کرایەوەو بە زیندانی هەتاهەتایێ سزا درا، دوای (٨) هەشت ساڵ زیندانیش سزاکەی کەمتر کرایەوە. سەبارەت بەو قۆناغە دەڵێت: لە ساڵی ١٩٥٠ز بەهۆی ڕووداوێکەوە لە ساتی خزمەتی سەربازیی لە ورمێ، قاچی چەپم لەدەست دا. بۆ چارەسەر هاتمە تاران و لە نەخۆشخانەی ژمارە یەکی سوپا (نەخۆشخانەی یوسف ئاباد) خەوێنرام. پاشان گوێزرامەوە بۆ جبەخانەی سوپا، تا ساڵی ١٩٦٤ز لە جبەخانەی سوپادا خزمەتم کرد. لەم ساڵەدا دوای کودەتای (٢٨ مرداد ١٣٣٣ - ١٩ی ئابی ١٩٥٤ز)، ڕێکخراوی سەربازیی سەر بە حیزبی تودەی ئیران ئاشکرا بوون و ژمارەیەکی زۆری ئەفسەران دەستگیر کران، منیش لە ڕیزی دەستگیرکراوەکاندا بووم، بەپەلە ئێمەیان لەژێرناوی (گروپی دوازدە کەسی) دا ڕادەستی دادگای باڵای سەربازی کرد. من وەك بەشێك لە گروپی دووەم، لە (بیست ودوم مهر ١٣٣٣- ١٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٤) دادگایی کرام و بەکۆی دەنگ هەر دوازدە کەسەکە سزای لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپێنرا. بەرلە ئێمەش، هەموو ئەندامانی گروپی یەکەم بە لەسێدارەدان سزا درابوون. لە دواساتدا و لە کاتی جێبەجێکردنی سزاکەدا، بە منیان ڕاگەیاند بەهۆی کەمئەندامبوونمەوە لە خزمەتی سەربازیی، پلەیەك سزاکەم



کەم کراوەتەوە و بەرلێبوردن کەوتووم.
یونسی دوای چەندین ساڵ چەرمەسەریی و زیندان، بەهۆی د. ڕوحوڵڵا عەباسی هاوڕێیەوە، لە خوێندنگەی باڵای ئابووریی خۆی ناونووس کرد، هەر لەو خوێندنگەیەدا ماستەری بەدەستهێنا و لە هەمان بواردا لە ساڵی (١٩٧٧ز) دکتۆرای لە زانکۆی سۆربۆن وەرگرت.
یونسی لە ڕۆژانی سەرەتای زیندانەوە، دەستی بە کاری وەرگێڕان و نووسین کردبوو، دوای ئازادبوونیشی لە ساڵی (١٩٦٢ز)دا پەرتوکی (هونەری داستاننووسی) بڵاوکردەوە کە لە ڕۆژانی زینداندا نووسیبووی.
یونسی بە هاوڕێیەتی (محەمەدی قازی) و (م. ا. ئەزین) لە بەشی وەرگێڕانی کۆمپانیای کامساکس کەوتە کار (واتا ئەو کۆمپانیا دانیمارکییەی ڕێگای ئاسنی ئێرانی دروست کرد).
هەروەك دەڵێن لەو ڕۆژانەی یونسی لە زینداندا دەژیا، سیاوەشی کیسرایی ببووە هاوڕێی زیندان و چەندینجار یەکتریان دەدی، پرسیار دەربارەی وەرگێڕانی (ئارەزووە مەزنەکانی)ی (چارلز دیکنز) دەکات و پێشنیازی ئەوەش بۆ یونسی دەخاتەڕوو کە ئەگەر دەرفەتی هەیە، وەریبگێڕێت. دوای وەرگێڕانی پەرتوکەکە، بەچاودێری (سیرۆس پەرهام) بڵاودەکرێتەوەو لە ساڵی (١٩٥٧ز) خەڵات لە زانکۆی تاران وەردەگرێت. یونسی لە زینداندا و لەڕێگەی نووسینەوە، قوتابخانەی فێرکاریی ڕۆمانی ئینگلیزیی ئەزموون کرد.
یونسی لە سەنتەری تازە دامەزراوی ئاماردا کەوتەکار، لەوێش کاری وەرگێڕانی دەکرد، لەو بارەیەوە دەڵێت: هەر سەرۆکێکی نوێ دەهات، کاتێ بواری خوێندنی لێدەپرسیم، دووچاری سەرسوڕمان دەبوو- و هەندێ نائاسودەش دەبوو، چونکە سەرۆکی خانەی وەرگێڕان بووم، ئەو ساتەش بەندە ناچار بووم هێندە خۆم ماندوو بکەم تا سەرۆکی نوێ بە فەرمی من وەك سەرۆکی خانەی وەرگێڕان بناسێ و وەها بیر نەکاتەوە کە پێی وابێ لەلایەن لایەنێکەوە منیان بەسەردا داسەپاندووە.
یەکێك لە خاڵە سەرنجڕاکێشەکانی یونسی بۆ وەرگێڕانی پەرتوکەکان بۆسەر زمانی فارسی، بڕوابوونی بوو بە دەقی بەرهەمەکان، ئەگەر هاوڕای ئایدیا یاخود بیرۆکەکەی نەبووایە، ئەوا وەرینەدەگێڕا، هەروەکچۆن یونسی ئاماژە بۆ یادەوەرییەکی خۆی دەکات و دەڵێت: وەبیرم دێت پەرتوکێکم بە ناوی (چارلی) لە نووسینی (چارلۆت برۆنتە) وەرگێڕا کە نزیکەی (٧٠٠) لاپەڕە بوو، بەڵام کاتێ بینیم پەرتوکەکە دژ بە کرێکارە و سەرمایەدارەکان دەیانویست چاپی بکەن، لەبەرئەوەی زیانی بە بەرژەوەندی گشتی دەگەیاند، پەرتوکەکەم دڕاند و چاپ نەکرا. لەو بڕوایەدام پێویستە وەرگێڕ پەرتوکێك وەربگێڕێت کە بۆ کۆمەڵگە سودمەند و کەڵکدار بێت.
ئەم نووسەرە پێشڕەوە، لە ساڵی (٢٠٠٣ز)دا بە هاریکاریی مەحمود دەوڵەتئابادی، لە ڤێستیڤاڵی چیرۆکنووسی عەزرادا بڕوانامەی ڕێزلێنانی پێشکەش کرا... یونسی لە مەیدانی مێژووی ئەدەبیات، بەرهەمی سیاسی، مێژوویی جەنگ و ڕۆمانیشدا کۆمەڵێك وەرگێڕان و نووسینی هەیە و بە لێوەشاوەترین وەرگێڕی ئێرانی هەژمار دەکرێت، ساڵانێکی درێژ لە کار و چالاکیدا قەڵەمێ بووە لە بواری نووسین و وەرگێڕان و چیرۆکنووسیندا، پتر لە (٨٠) پەرتوکی لە زمانی ئینگلیزییەوە بۆ فارسی و پەرتوکێکیشی لە زمانی فەرەنسییەوە بۆ فارسی وەرگێڕاوە. زمانی فەرەنسیش لەو بەندییانەوە فێر ببوو کە لەگەڵیدا لە زینداندا ژیاون.
یونسی لە ساڵی (٢٠٠٩ز)ەوە دووچاری نەخۆشی ئەلیزایمر بوو، دوای تێپەڕینی دووساڵ لە ڕۆژی (٨ی شوباتی ٢٠١٢) کۆچی دوایی کرد.

## گرنگترین بەرهەمەکانی بواری وەرگێڕان و نووسینیشی بریتین لە:

### ا) بواری نووسین

١- هونەری چیرۆکنووسین.
٢- ئەڤینداران.
٣- خەون بە خەون.
٤- دایکم دووجار گریا (ڕۆمان).
٥- شەدەلار و قەرەج.
٦- گۆڕستانی غەریبان (ڕۆمان).
٧- زستانی بێ بەهار.
٨- پشکووتنی باغ (ڕۆمان).
٩- دادە شیرین
١٠- غەمی شەوێکی بێکۆتایی.
١١- نزا بۆ ئارمێن.
١٢- خۆشهاتی (ڕۆمان).

ب) بواری وەرگێڕان
یونسی لە ماوەی ژیانیدا نزیکەی (٦٠) پەرتوکی بەناوی خۆیەوە وەرگێڕاوەتە سەرزمانی فارسی، هەندێك لەو پەرتوکانەش دەربارەی مێژووی کورد و کوردستانن، دەروازەیەکی گرنگ بووە بۆ خوێنەری فارس و فارسیزمانان بۆ ئاشنابوون بە کورد لەڕێگای ئەو نووسینانەی بێگانەکان نووسیویانە. گرنگترین بەرهەمە



**وەرگێڕدراوەکانیشی بریتین لە:**

١- ئارەزووە مەزنەکان نووسینی: چارلز دیکنز
٢- ئەدەبیاتی ئەفریقا نووسینی: دی تۆرن
٣- مێژووی ئەدەبیاتی یۆنان نووسینی: ڕۆز
هێربێرت جنینگز
٤- تەکییەگاە نووسینی: درایز تۆدۆر
٥- ڕاپەرینی شێخ سەعیدی پیران نووسینی: ڕۆبەرت
ئۆڵسن.
٦- کورد و کوردستان نووسینی: درك کینان.
٧- مێژووی هاوچەرخی کورد نووسینی:
دەیڤید مەکداوڵ
٨- بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد نووسینی: کریس
کۆچیرای کوردناسی فەرەنسی.
٩- هونەری نمایش نووسین
١٠- گەردەلول نووسینی: ویلیام
شکسپیر
١١- ڕەهەندەکانی ڕۆمان
١٢- ئەگەر بیل ستریت زمانی هەبووایە
١٣- کورد، تورك و عەرەب
نووسینی: سیسل جی ئەدمۆنز.
١٤- جوتە چاوێکی ئاوی
نووسینی: تۆماس هاردی
١٥- موزیك و بێدەنگی
نووسینی: ڕەز ترەمین.
١٦- گەڕانەوەی خۆماڵیانە
نووسینی: تۆماس هاردی
١٧- گەشتێك بەنێو کوردستانی تورکیادا
نووسینی: شیری لەیزەر
١٨- ئەو پیاوەی خۆری لە دەست دا
نووسینی: جاك ریمۆند جۆنز
١٩- مەسەلەی کورد و پەیوەندییەکانی ئێران و تورکیا
نووسینی: ڕۆبەرت ئۆڵسن
٢٠- دوای ئەم ڕیسواییە لێبوردنی چی؟
نووسینی: جۆناسان ڕانداڵ
٢١- نیشانەچی
نووسینی: چارلز دیکنز
٢٢- داستانی دوو شار
نووسینی: چارلز دیکنز
٢٣- چارلز دیکنز
نووسینی: هاردی باربارا
٢٤- یادداشتەکانی ڕۆژانەی نووسەرێك
نووسینی: فیۆدۆر داستایۆفسکی
٢٥- کوردەکان
نووسینی: مستەفا نازدار.
٢٦- سپارتاکۆس
نووسینی: فاست هوارد
٢٧- ئاغا و شێخ و دەوڵەت
نووسینی: مارتین ڤان برۆنسن.
٢٨- بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد
نووسینی: کریس کۆچیرا.
٢٩- ژیان و بیروباوەڕی تریستدام شندی
نووسینی: ستێرن لارنس
٣٠- مێژووی کۆمەڵایەتی هونەر
نووسینی: هاوز ئەرنۆڵد
٣١- کورتەیەك لە ئەدەبیاتی خۆرئاوا
نووسینی: جۆن بۆینتۆن پریستلی
٣٢- مێژووی ئەدەبیاتی ڕووسیا (دووبەرگ)
نووسینی: سی دی مێرسکی
٣٣- میراتی شوم
نووسینی: جۆرج گیسینگ
٣٤- لینمارا، عەشق و ئارەزوو
نووسینی: گاسکین کاترین
٣٥- ژنی شوشەیی
٣٦- هێلانەی هەڵۆ
نووسینی: هۆن کۆنستانس
٣٧- تۆماس هاردی
نووسینی: سی دی لویس
٣٨- ئەمریکا و بزووتنەوەی میللی
نووسینی: بلانچ ڤیسن کۆك
٣٩- ئەمریکایەکی دیکە
نووسینی: مایکل هونەرینگتن
٤٠- یادداشتەکانی دەورانی هەواڵنێری لە باڵکان
نووسینی: ترۆتسکی
٤١- یادداشتەکانی نیکیتا خرۆشۆف (دووبەرگ)
٤٢- داستانی دوو شار
نووسینی: چارلز دیکنز
٤٣- دەفتەری یاداشتەکانی ڕۆژانەی نووسەرێك
نووسینی: فیۆدۆر داستایۆفسکی
٤٤- سەهیۆنیزم
نووسینی: یۆری. ویڤانۆڤ
٤٥- فەرهەنگی گچکەی ئینگلیزی- فارسی
٤٦- کوردەکان
نووسینی: عیسمەت شەریف وانلی، کەنداڵ نەزان

